
هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان

# ڕووەکە گوڵدارە مشەخۆرەکان
## (گورگە و کالوسە و دمکانە)



هەولێر - گوڵان - ٢٠٠٠

هەرێمی کوردستان – عیراق
وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودیری
بەڕیوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییە
کشتوکاڵییەکان

# ڕووەکە گوڵدارە مشەخۆرەکان

## ( گورگە و کاڵوسە و دمکانە )

ئامادەکردنی

صدرالدین نورالدین أبوبکر
ئەندازیاری یەکەمی کشتوکاڵی

جلال حمدأمینحمد
ئەندازیاری یەکەمی کشتوکاڵی

ناوی نامیلکە: ڕووەکە گوڵدارە مشەخۆرەکان

ئامادەکردنی: صدرالدین نورالدین و جلال حمدأمین

کۆمپیوتەر و دەرهێنانی: زبیدة خضر حمدأمین

فەرزی بەرگ: ژیار بۆکۆمپیوتەر

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: یەکەم هەولێر ٢٠٠٠

چاپخانەی: ژیان / هەولێر

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی: ١٣٧

ئەرکی چاپ: وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بە هاریکاری ڕێکخراوی FAO


**تێبینی** : لە چاپی ئەم نامیلکەیەدا زۆربەی هێمای (٧)ی سەر و ژێری پیتەکان دەرنەچوون، خوێنەری بەڕێز بە سەلیقە هەستیان پێدەکات. ئەمانەی خوارەوەش چەند هەڵەیەکی چاپی دیکەن:

| لاپەڕە | دێر | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ٨ | ٦ | تووشی گورگەیان لێ بدات | گورگەیان لێبدات |
| ٩ | ٢ | ٠٣١ — ٠١٣ | ٠,٣١ — ٠,١٣ |
| ٩ | ٢ | ٠٥٦ — ٠٢٥ | ٠,٥٦ — ٠,٢٥ |
| ١١ | ٨ | بەسێ | بە سێ |
| ٢١ | ٤ | چونکە | بۆیە |
| ٢٢ | ١،٢،٣،٤ | النباتات | النبات |



# رووەکە گولدارە مشەخۆرەکان

## النباتات الزهرية المتطفلة Parasatic Higher Plants

نزیکەی ۲۵۰۰ جۆر رووەکی گولداری مشەخۆرهەن کەلەسەر رووەکی دیکە دەژین، ئەم رووەکە مشەخۆرانە هۆکاری نەخۆشین وگرنگیەتی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە بەریژەیەکی زۆر بلاون و زیانیکی زۆر بەرووەکی خانەخۆی دەگەیەینن. زۆربەی زیانیان لەوەدایە کەلەسەر خۆراکی ئامادەکراو یا ئاووخویی ناو رووەکە خانەخوییەکانیان دەژین. جگە لە مەیش هەندیکیان زیانی ناراستەوخۆی دیکەیان هەیە، هەر وەك مشەخۆری (موسی ئیسپانی) *Tillandsia Sheoldes* . زۆر بە چری لەسەر دار بەروو دەرویت، بەری تیشکی خۆری لیدەگریت و خانەخوییەکە وشك دەکات.

هەروەها مشەخۆری *Celastrus Scandenes* لکەکانی لەلکی دارەکان دەئالینی و دەیانخنکینیت.

**ئەم مشەخۆرانە بەگویرەی سروشتی مشەخواردنەکەیان دەکرینە دوو کۆمەل**

١- **هەواییە مشەخۆرەکان**: ئەو مشەخۆرانە لەسەر بەشەکانی رووەك لەدەرەوەی خاکدا (وەك قەد، لك      ) دەژیین  کە ئەمانە دەگریتە خۆ:

أ- **مشەخۆری تەواو**: ئەو رووەکە مشەخۆرانە گەلای سەوزییان نییە، واتە سەوزە پلاستیدیان نییە، یاخود ریژەیەکی کەمیان هەیە کە ناتوانن خۆراك بۆ خویان دروست بکەن، بەتەواوی لەسەر خانەخویکەیان دەژیین وەك کالوسە (زریزانە. الحامول).

ب ـ **مشەخۆری ناتەواو**: ئەو مشەخۆرە گەلای سەوزی هەیە و کرداری ڕۆشنە پیکهاتن ئەنجام دەدات، بەلام ئاوو خویی تواوە لە خانەخوییەکەی وەردەگریت وەك دیمکانە(دمکانە ،الدبق).

٢- **زەمینە مشەخۆر** :ـ ئەو مشەخۆرانە لەسەر بەشەکانی ڕووەك لەژیر زەوی (وەك ڕەگ) دەژیین کە ئەمانەی خوارەوە دەگریتەوە:

أـ **مشەخۆری تەواو**: وەك گورگە(گیاکەلە)

ب ـ **مشەخۆری ناتەواو**: ئەو مشەخۆرانە ڕەگەکانیان بەرەگی خانەخوییەکانیانەوە دەلکینن و ئاوو خویی لیوەردەگرن وەك مشەخۆری ئەلعدار(Witch weed striga asiatica) کە مشەخۆریکە لەسەر گەنمە شامی و قامیشی شەکرو هەندیك بەروبوومی کشتوکالی دیکە دەژیت.

مشەخورییەکەیان لە ناو خانەخوییەکە یاخود لە دەرەوەی خانەخویکە دەبیت.

مشەخۆری دەرەکی: زۆربەی بەشەکانی مشەخۆری دەرەکی لەدەرەوەی خانەخوییەکەیەو بەشیکی کەمی لەناوەوەیە وەك مشەخۆری(العدار) و(دمکانە).

بەلام مشەخۆرە ناوەکییەکان، بەشی زۆری مشەخۆرەکە لەناو خانەخوییەکەیەو تەنیا گولەکانیان دینە دەرەوە،وەك ( الرافلیزیا) کە مشەخۆریکی تەواوە. ڕووەکە گولدارە مشەخۆرەکان سەر بەچەندین خیزانە ڕووەکی جۆراوجۆرن، لەگەل ئەو جیاوازییە پۆلینکارییەی کە لە نیوانیاندا هەیە. هەر هەموویان لەدوو ئاکار(سیفەت) یەکتردەگرنەوە:ـ یەکەمیان هەموویان مشەخۆرن و دووەم گشتیان ڕووەکی ناوك دوولەپەن (ذوات الفلقتان).

## **گورگە**( گیاکەلە ،گیاکوژە ، الهالوك ، Broom rapes)

لە کۆنەوە گورگــە وەك روەکیکــی گولـداری مشــەخۆر ناسـراوە. گورگـە سـەر بــەخیزانی گورگەییەکانـــــــە orbanchaceae ، ١٤ توخمــی هەیـــە ، بەناوبانگترینیان توخمی(*orobanche*) ئۆروبانکییە ١٥٠ جـۆرە گورگـە هـەن چەند جۆریکیان لە تووتن دەدەن کە بریتین لە

*Orobanche ramosa , O.ludoviciana , O. minor , O.maretanica , O.cumana , O.indica , O.cernua , O.aegyptica*


لە زۆربــەی ولاتـانی جیـهان ئـەم هەمیشـە مشـەخۆرە، تووشـی ١٣١ جـۆر رووەکـی پاقلـەیی و٧٠ جـۆری پونگییـــەکان Labiatae دەبیــت. جــۆری *Orobanch crenata* لەسەر خیزانی رووەکە باینجانییەکان و پاقلەییەکان لـە ئیران وعیراق وتورکیا وسوریا و تونس ولیبیادا هەیە

جۆرەکانی *O.cernua* ، *O.cumana* مشـەخۆری سـەر رووەکـەکانی خـیزانی باینجانین لە روسیاو تورکیاو عیراق و سوریا و یۆنان هەن.

کـەچی جۆرەکـانی *O.ramosa* ، *O.aegyptica* لەســەر تووتــن و تەماتــەو پەتاتە لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا و ئەمریکادا هەیە تەنـها *O.ramosa* لە ٦٦ جۆرە رووەك دەدات جۆری *O.minor* بەلای کەمەوە مشەخۆری ســەر ٨٩ جۆرە رووەکە، ئەم جۆرە لە ئاســیا و ئەمــەریکا و بـاکووری ئـەفریقیا لـە کیلگەی وینجە و سیپەرە باوە

جـۆری *O. Lutea* لـە ئەلمـــانیاو پورتوگـــال و پۆلــەندە لەســەر وینجـــەو کنیرەوە دەژیت.






**گیا کەلە لەسەر تەماتە**

## نیشانەکانی تووشبونی رووەك بەگورگە

رووەکە تووشبووەکان(خانەخوێیەکان) زەردو لاوازو کورتەبالاٌ دەبـن، ئەگـەر تووشبوونەکە بە هـێزبێت خانەخوێکـە وشـك دەبێـت. هـەروەها بـەروبوومی رووەکەکە کەم و ناپەسەند دەبێت ، لە هەندێك کێلگـەدا ٧٠٪ بەرهـەم کـەم دەکاتەوە. دوای تووشبوون بەماوەیەك قەدو نێرك و تۆپـەگوڵی (گوفکـەگوڵی، گوڵکۆی، شماریخ الزهریە) گورگەکە لەتەك رووەکە تووشبووەکە دەردەکەوێت.

گیاکەلـە رووەکیکـی هەمیشـە مشـەخۆری **Obligate parasite** وەرزییـە، قـەدیکی ناسـکی رەنـگ مۆمـی(شـەمیی) تـا (وەنەوشـەیی) هەیـە بەرزییەکەی دەگاتە١٥-٥٠سم لەتەنیشت رووەکـە تووشـبووەکە دەبیندریـت. شوینەواری گەلاکانی لە شیوەی پوولەکەی رەنگ قاوەیی بەسـەر قەدەکەیـەوە دیارن، رەنگی گولکوکەی وەنەوشـەییە، گولـەکانی نـیرەموکن(خنثـی) واتـە ئەندامەکانی نیرینەو مێینەی لەناو یەك گولدایـە. گولـی گیاکەلـە تارادەیـەك بەگولی دەمەشیر دەچیت بەلام بچووکترە، بەریك دەگریـت کەسـەدان دانـە تۆوی بچووکی تیدایە، ئەم تۆیە دەتوانیت زیاتر لە(٢٠) سال بەزیندوویی لە خاکدا بمینیتەوە.

## چۆنیەتی تووشبوون

تۆوەکە بەزیندوویی لەخاکدا دەمینیتەوە، هەرکاتیك خانەخوییەکی لەبار لـەم خاکەدا برویت وگەرمی وشییەکی(رطوبـة) گونجـاوی هـەبوو، تۆوەکـە شـین دەبیت( ئەو تۆوە شین نابیت ئەگەر دەرهاویژی تایبەتی رەگی

خانەخۆییەکەی نەبێت، چونکە بەم دەرهاویژە تایبەتیە تۆوەکە بە ئاگادیتەوە و قۆناغی مت بوونی کۆتایی دیت و چەکەرە دەکات، باشترین پلەی گەرمی بۆ شین بوون و چەکەرەکردنی گورگە لە ١٥-٢٥ پلەی سەدییە، لە(٥)پلە کەمترو لە ٣٠ پلە زیاتر بێت بەدەگمەن چەکەرە دەکات. مەرج نییە هەموو ئەو رووەکانەی کە رەگەکانیان ئەم دەرهاویژە تایبەتە دەردەکەن تووشی گورگەیان لێبدات، دوای چەکەرەکردنی تۆوەکە رەگۆکەکی شێوە لوولەیی لە چەند خانەیەك دروست دەبێت لەو پێکهاتانە دەکات کە سپۆری(کەرووەکان،الفطریات) دروستی دەکەن.

ئەو بۆرییەیە بەشێوەیەکی راستەوراست یاخود بەلوولخواردویی درێژ دەبێتەوە، هەندێك جار درێژییەکەی دەگاتە ١٨ملم. هەرکاتێك سەری رەگۆکەکە گەیشتە رەگی خانەخوێکە، رەگۆکەکە گەشەدەکات و لەشوێنی پێوە لکانەکەوە مەمیلەی مژین(ممصە)بۆ ناو رەگەکە دەنێریت، تادەگاتە چەپکە بۆری(الحــزم الوعائیــة) وئاوو خۆراکی ئامادەکراو لە خانە خوێکەوە دەمژێت.

بە هۆی مژینی خۆراکەوە مشەخۆرەکە هەڵدەئاوسێت و چەند پفکەیەکی(بثرة) لەسەر دروست دەبن کە ئەوانیش دەبنە مەمیلەی مژینی دیکەو بەرەگی خانەخوێکەوە دەلکێن. بەشە پەنەماوەکە دەست بەدرێژبوون دەکات و قەدو تۆپەگوڵ دروست دەکات، هەر کە ئەو گوفکەگوڵانە هاتنە سەر خاك لەماوەیەکی یەکجار کورتدا گوڵەکان دەپشکوون و پەرپین و پیتین رووەدات و تۆو دروست دەکەن ژمارەی ئەو دانە تۆوانەی لە مشەخۆرێك پەیدا دەبن نزیکەی چارەکە ملیۆنیك دەبن.

تۆوەکە زۆر بچووکـە، ڕەنگـی قاوەییـە، لەشـێوەی هەرمیٚدایـە، پانییەکـەی ١٣ ٠-٣١ ٠ملـم ودرێژییەکـەی٢٥ ٠-٥٦ ٠ملـم، تۆوەکـە بـەهۆی(بـا)وە بـڵاو دەبێتـەوە، هـەروەها لـەکاتی کۆکردنـەوەی بـەروبووم یـا پـاش وشـك بـوون هەڵدەوەرێتە سەر زەوی یا تێکەڵ بە تۆوی خانەخوێیەکە دەبێت یـا ئـاژەڵ و گیانلەبەری دیکە دەیخۆن تۆوەکە بەزیندوویی لەگەڵ پاشەڕۆ دەردەچێتەوە.

## قەلاچۆکردنی گورگە

قەلاچۆکردنی گیاکەڵە سانا نییە چونکە:-

١- خێرا پێدەگات وتۆوێکی یەکجار زۆر دەنێتەوە.

٢- تۆوەکەی بچووکە و بەئاسانی بڵاو دەبێتەوە.

٣- گەر تۆوی گورگە خانەخویی لەباری نـەبوو دەچیتـە قۆنـاغی متبـوون. هەر بۆیە هەتا ماوەیەکی زۆر بەزیندوویی لەخاکدا دەمینیتەوە.

٤- قەدی گیاکەلە خواردنیکـی زۆری تیـدا کۆدەبیتـەوە، بـۆ گـول کـردن و تۆوکردن کە لکیان لیوەردەگریت، ئەگەر ڕووەکە خانەخویکـە بشـمریت مشەخۆرەکە بەهۆی ئەم خۆراکە داکـراوەوە ئـەوا هیندیـك تـۆو دروسـت دەکات، یاخود کە کورگەکە گولی کردووە و هەلدەکیشریت، دەتوانیـت بەم خۆراکە داکراوە تۆو کردنەکەی تەواوبکات.

**پەیرەو کردنی ئەم خالانەی خوارەوە بلاو بونەوەی گورگە کەم دەکاتەوە**

١ -تۆوی خاوین بچیندریت( کە تۆوی گورگەیان تیکەل نەبووە).

٢ - پیش ئەوەی گورگەکان تۆو بکەن هەلبکیشرین و کۆبکرینەوەو بسوتیندرین.

٣-ئـەو خاکانـەی بـە تـۆوی گورگـە پیـس بوونـە، بەخانـەخویی گورگـە نەچیندرین، چاندنی مەرەزە لەم خاکانە گیاکەلە کەم دەکاتەوە.

٤- لەکاتی ئاودانداَ، ئاوەکە بە شوینیك دانەروات تۆوی گورگەی تیا بیت و لەویشەوە بچیتە ناو بەروبوومیك کە گورگەی تیدا نییە، خۆل لە زەوی گورگەدار بۆ زەوی خاوین نەگواستریتەوە.

٥- ریگە بەو گیانلەبەرو ئاژەلانە نەدریت کە لە کیلگە گورگە لیدراوەکان دەلەوەرین بچنە ناو کیلگەی خاوین و بی گورگە، چونکە تۆوی گورگە لەگەل پاشەرۆی ئاژەلەکان بەزیندوویی لە کۆئەندامی هەرس دیتە دەرەوە.

٦- کیلانی قوول، تۆوی گورگە دەخاتە ژیر گلیکی زۆرەوەو کەمتر دەتوانن بروین و بگەنەوە رەگی خانە خوییەکان.

٧- چاندنی رووەکی بەرگریکەری وەك پاقلە و گولەبەرۆژەو هتد

٨- لە هەندیك ولاتدا بەروبوومی راوکەر(تەلەیی) بۆ قەلاچۆکردنی گورگە بەکار دەهینریت. رەگی هەندیك رووەك هەن کەتووشی گورگە نابن بەلام ئەو دەرهاویژە دەردەکەن کەتۆوی گورگە بەئاگا دینیتەوەو شین دەبیت، کەچی گورگەکە ناتوانیت خانەخوییەك بدۆزیتەوە تالەسەری بژییت، لە ئەنجامدا لەناو دەچیت وەك بەکارهینانی رووەکی ئاهووری(خەرتەلە سپی الخردل الابيض *Sinapis alba*).

لە ولاتی میسریش(کەتان) بۆ ئەم مەبەستە بەکار هاتووە. یاخود مادەی کیمیایی دەستکرد بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهینریت.

٩- لە گەرمای هاوین دا زەوی خاکاوبکریت و بە نایلۆن داپۆشریت کە لە ئەنجامدا گەرم دادیت و ئاوەکە دەبیتە هەلم وپلەی گەرمی خاکەکە ئەوەندە بەرز دەبیتەوە کە تۆوی گورگە و کالوسە وگشت بژاریك و وردە

زیندەوەرە زیانبەخشەکانی دیکــەی وەك کــەروو و کرمــی مــاری و ومــیروو دەکوژیت

۱۰- بەکارهێنانی قرکەری کیمیایی بۆ لە ناوبردنی تۆوی گورگە لەخاکدا. وەك

أ- CIPC (Isopropyln-3 chloropheny carbomate)

بەریژەی ۲,٥ کگم/دونم بەکاردیت.

ب - مادەی MCPB

(Sodinm2-mathyl 4-chlorophenoxy butrate)

بەریژەی ٥ ۱-٥ ۲کگم بۆ فەددانیك بەسی جاران (۱ فەددان = ٤٠٤٧ م۲).

جـ مادەی(برومید المثــایل) بـۆ لـەناوبردنی تـۆوی گورگـە لـەخاکدا بەریژەی(٤٠) کگم مادەی کارا بۆ دۆنمیك بەکار دەهینریت لە قوولی۲۰سم (حقنە) دەکریتە ژیر خاکەوە دووری نیوان حقنەکانیش۳۰سم.

د بژار کوژ راونداب(کلایفوسیت) بە ریژەیەکی کەم بـۆ لـەناوبردنی ئەم مشەخۆرە لەسەر هەندیك بــەرووبومی دیــاریکراودا ســەرکەوتنی وەدەســت هیناوە. دوای تیپەر بوونــی ۳-٥ هەفتــە بەســەر چــاندنی نــەمامی تەماتــە لــە کیلگەدا گەر رووەکەکان بە گلایفۆسیت بە ریژەی ۱۲,٥ گـم مــاددەی کــارا بــۆ دونمیك برشیندرین ، ریژەی تووشبوون بە گورگە زۆر کەم دەبیتەوە، بەلام لــە هەمان کاتیشــدا دەبیــت زۆر وریــابین چونکــە بــــژار کوژەکــە ســیستەمیی و هەمە کوژە.

و بــەکارهینانی بژارکـوژی سیســتەمی تایبەتمــەند وەك ئۆروبــان۱۰٪ (Oroban 15%SL) کە مادەی کارای (Lmazapic) ٥ بــەریژەی ۱۲٥ ملیلیتر لەگەل ٥۰-۷۰ لتر ئاو بۆ رشاندنی رووبەری دۆنمیك، کەتەمەنی

نـەمامی تووتـن وتەماتـە لـە کیلگـەدا دەگاتـە ٢٥ رۆژ بـەکاردیت، سی‌جاری دیکەش دەرشـیندریتەوە، نیـوان رشـاندنیك و یـەکیکی تـر ١٠ رۆژە.

لـە دوای بـەکارهینانیا دەکریـت گـەنم و جـۆ و گەنمەشـامی وتووتـن لـەدوای چـوار مـانگدا، پەتاتـەو پـەمو لـە پـاش هەشـت مـانگدا، بەروبوومەکانی دیکەش لە پاش سالیکدا لە هەمان زەویدا بچیندرینەوە.

بـە تـاقی کردنـەوە دەرکـەوتووە گـەر قـەدی گیـا کەلـە بـبردریت و نـەوت (Kerosene) ی بکریتە سەر قەدە براوەکە، دووبارە نارویتەوە.

١١- قـەلاچۆکردنی زیندەگـی:- بـەکارهینانی ئـەو کەروومیروانـەی هـیرش دەبەنە سەر گورگە وەك کەرووی

*Fusarium orbanche* هەروەها *Sclerotium orbanche*

کە گورگە سیس و وشك دەکەن بەتایبەتی گەر لەکاتی گەرمادا ئاو بدریت.

مـیرووی وەك *Agrotis sp* و *Phytozoma orbanchia* و *Tropinota sgualidit* کـە مشـەخۆری سـەر گورگـەن لـە راسـتیدا قەلاچۆکردنیکی کاریگەریی گورگە نەدۆزراوەتەوە، بـەلام پیشـگیری وخـۆ پاراستن و کەم کردنەوەی تۆوی گورگە ئەنجامی باشیان هەیە.



**كالوسه** (بيبنه، نايلۆنه، ترتر ه، زريزانه، گياخنكينه، الحامول Dodder )

رووەكيكـــى گولــدارى مشـــەخۆرە، ســـەر بـــەخيزانى كالوســـەييەكانە Cascutaceae ، توخمى Cusucta نزيكەى ١٢٠ جۆرى هەيە تەنها جۆرى Cascuta campestris تووشى ٢٦ توخمە رووەكى سەر بـە ١٠دە خـيزانى رووەكى دەبيت. جۆرە باوەكانى كالوسە ئەمانەن:

*Cuscuta epilinum, C. europeae, C. indicora, C. epithymyu, C.americana , C. planiflora , C. campestris , C. subinchusan. C. palastina, C. pentagona*

كالوسە تووشى ژمارەيەكى زۆر بەروبوومى كشتوكالى گرنگ دەبيت وەك وينجە و سيپەرەو تەماتەو پەتاتەو پاقلەو پۆلكە و چەوەندەرى شەكرو پيوازو كەتان، گژوگياو دەوەن و هەروەها تووشى هينديك رووەكى جوانيش دەبيت، كەچى تووشى رووەكە دانەويلەييەكان نابيت.

هـەر بـەروبوومێك تووشـى ئـەم مشـەخۆرەببيت، لاوازو بيـــهيزو بىبەرهـــەم دەبيـت، يـاخود بـەروبوميكى كـەم و بـى بايـەخى دەبيـت. هـەروەها ئـەم مشەخۆرە زۆر نەخۆشى ڤايروسى رووەكـــى بـۆ خانەخوييـەكان دەگوازيتـەوە. وەك نەخۆشيەكانى مۆزايكى ئاروو، مۆزايكى تووتن، سيس بوونى پاقلە، كەم بوونى تۆوى تەماتە

هەنديك جار ئەو گيانلەبەرانەى كە لەسەر رووەكـە تووشـبووەكان دەلـەوەرين تووشـى ژەهـراوى بـوون دەبـن، چونكـە ئـەم مشـەخۆرە مـادەى كليكوزيـد- كونفولفولـين ى تيدايـە كـە ژەهـرە بـۆ ئـاژەل. ئـەو مەترسييەش تـەنيا لـەو كاتەدانييە كەلەسەر وينجە و سيپەرەى سەوز دەلـەوەرين بـەلكو كـە لەگـەل دريـس وگـزرە (ريسـيەگيا وشـك كراوەكـان) تيكـەل دەبيـت هەميسـان هــەر ترسناكە.


زانایان لەو بروایەدان، کەهۆی ئەو ژەهراویبوونە شیبوونەوەی(تحلــل) مـادە پرۆتینییەکانی خانەخوییەکەیە دەبیتە ژەهر.

## نیشانەکانی:-

ئەو مشەخۆرە لەشیوەی داوی تیك ئالاوی هەمەرەنگ لە قاوەیی مەیلەو ســوور تا وەکو زەردیکی پرتەقالییە لە قەدو لکی خانەخوییەکەوە دەئالین.
کالوسە وردە گەلای پوولەکــەیی هەیـە. لەشـوینی لکـانی بەخانەخویکەیـەوە چـەند مەمیلەیـەکی مژیـن دەنیریتـە نـاو شـانەکانی خانەخویکـەو خۆراکــی ئامادەکراو دەمژیت.بەو مژینە بەردەوامـە خانەخویکـە زەردو لاواز دەبیـت و ناتوانیت بەباشی گەشەبکات و بەرهەمی کەم وبی بازار دەبیت.
سـەرەتای تووشـبوونەکە بـە چـەند رووەکیکـی تاکوتـــەرا دەبیــت و هینـــدە ناخایەنیت کە سەرتاپای کیلگەکە دەتەنیتەوە.





## هۆکارەکە :

کالوسە: ڕووەکێکی هەمیشە مشەخۆری گوڵداری یەك ساڵییە، ڕەگی نییەو لەبری ڕەگدا مەمیلەی مژین بەکار دەهێنێت. مەمیلەی مژین بۆ ناو(چەپکەبۆری) خانەخوێکە دەنێریت و دارکەکەی بەدارکی خانەخوی و نیانەکەی بەنیانی خانەخوییەکەوە دەنووسێت. بەم شێوەیە ئاووگی ڕووەکەکە دەمژێت. کالوسە گوڵی بچووکی ڕەنگ زەرد یا سپی یا میخەکی بەکۆمەل لەسەر قەدە لوولخواردووەکانی دەگرێت و دەبێتە (بەر)یکی قووتولکەیی و هەر قووتولکەیەك ٣-٥ دانە تۆوی تێدایە، تۆوەکە دەکەوێتە سەر زەوی یاخود لەگەل تۆوی خانەخوێکە تێکەل دەبێت.

## سووری ژیانی

کالوسە بە هۆی تۆوەکەیەوە کەکەوتۆتە ناو خاك یا لەگەل تۆوی خانەخوێکە تێکەلاو بووە بلاو دەبێتەوە، تۆوەکەی بۆ ماوەی ١٠-٢٠ ساڵ بەزیندوویی دەمێنێتەوە. تۆوەکەی لەرێگەی پەینی گیانلەبەریشەوە بلاو دەبێتەوە ( گەر گیانلەبەرە کە لەسەر ڕووەکێك بلەوەرێت کە ئەو مشەخۆرەی لەسەر بێت)، تۆوی کالوسە لە رێگەی ئاودان و خۆل گواستنەوەیش دەگواسترێتەوە.

هەرکاتێك گەرمی وشێیەکی لە بار هەبوو تۆوی مشەخۆرەکە چەکەرە دەدات و دەزوولەیەکی زەردی بارێکی لێپەیدا دەبێت، سەرێکی ئەم دەزوولەیە بۆ ناو خاك گەشە دەکات و سەرەکەی دیکەی بۆ سەرەوە، بە بازنەیی جوولە دەکات و بەدوای خانەخوێدا دەگەرێت. کەگەیشتە بەشێکی خانەخوێکە (لەسەر ڕووی خاکدا) تیوەی دەئالێت و مەمیلەی مژین بۆ ناو قەدی

ڕووەکەکە دەنێریت ئینجا سەرەکەی دیکەی لە شوێنی بەیەك گەیشتنی لەگەڵ خاك سیس وشك دەبێت و (گەر ئەو دەزووڵانەی لە تۆوەکەوە پەیدا دەبن خانەخۆیی لەبار نەدۆزنەوە دەمرن).
دوای لکانی دەست بە مژینی ئاوو خۆراکی ئامادەکراوی خانەخۆیکە دەکات و قەدو دەزوولەی دیکە دەر دەکات و زۆر بەخێرایی گەشە دەکەن و ئەمانیش لە خانەخۆیکە یا ڕووەکی دیکە دەئالێن، ئینجا گوڵ دەکات و تۆوی لێدەکەوێتەوە، دووبارە سووری ژیانی دەست پێدەکاتەوە.

## قەلاچۆكردنی:

١- تۆوی خاوین بچیندریت( كە تۆوی ئەم مشەخۆرەی لەگەڵدا نەبیت).

٢- بە ئامیری كون بچووك تۆوەكە لە تۆوی ئەم مشەخۆرە پاك بكریتەوە، لە میسر بۆ ئەم مەبەستە هیلەگی تایبەتییان بەكار هیناوە كە تۆوی كالوسە لە تۆوی رووەكە چیندراوەكان جیا دەكاتەوە. ئامیری دیكەیش هەن بۆ ئەم مەبەستە بەكار دەهینرین، پوختەی كارەكەیان ئەوەیە كە تۆوی رووەكی چیندراو و تۆوی مشەخۆرەكە بەیەكەوە لەگەڵ وردە ئاسن تیكەلاو دەكرین و بەهۆی موگناتیسەوە تۆوی مشەخۆرەكە لە تۆوی رووەكەكە جیا دەكریتەوە( چونكە تۆوی مشەخۆرەكە زبرە بەوردە ئاسنەكانەوە دەلكین، بەمەیش موگناتیس رایاندەكیشی بۆخۆی، كەچی تۆوی رووەكە چینراوەكان لووسەو بەوردە ئاسنەكانەوە نانووسین).

٣- رووەكە تووشبووەكان بە كالوسەوە زوو لەناو ببردرین، پیش ئەوەی مشەخۆرەكە تۆوبكات. ئەگەر مشەخۆرەكە كیلگەكەی داگیركرد پیویستە بسوتیندریت.

٤- ئەو ئامیرە كشتوكالییانەی كە لە كیلگەی تووشبووبەكار دەهینرین وتا پاك نەكرینەوە نەبردریتە ناو كیلگەی خاوین.

٥- خۆلی ئەو خاكەی ئەم مشەخۆرەی لیدەردەكەویت بۆ شوینیكی خاوین نەگواستراتیەوە، هەروەها ئەو ئاژەلانەی كەلە كیلگەی تووشبوو دەلەوەرین نەچنە ناو كیلگەی خاوینەوە.

٦- ئاو بەناو كیلگەی توشبووەوە بۆ كیلگەی خاوین نەروات.

٧- قەلاچۆکردنی گژوگیا بەقرکەری کیمیایی، چونکە ئەم مشەخۆرە لەسەر زۆر جۆرەبژار دەژیت، بۆئەم مەبەستەش ئەم قرکەرانە بەکار دەهینرین،

شلەچەوری دیزل(زیت الدیزل)DNBP (dinitro-o-sec-butyl phenol)

هەروەها PCP(pentachlorol phenol) هتد

هەروەها راونداب و CIPC و تریفلان.

٨- قەلاچۆکردنی مشەخۆرەکە بە مژادی کیمیایی (قرکەری کیمیایی).

هەندیك ژەهر هەن کەتەنیا مشەخۆرەکە لەناو دەبەن وەك

sodium penta chloro phenolate 56% بەریژەی٧-٨کگم/دونم .

هەروەها رشاندنی گیراوەی (Ammonia dintro phenolate) بە تیریی ٤٪ بۆ ئەم مەبەستە بەکار دیت.

تیبینی: ئەم ژەهرانە بۆ ئاژەل ترسناك نین.

٩- میروویەکی مشەخۆر لەسەر کالوسە هەیە بەناوی

*Melanagromyza cuscuta*

**دمکانە** (دیمکانە، دموکانە، دەمکانە، دەکانە، الدبق ،الهدال) Mistletoes

سەر بەخیزانی Loranthaceae زۆر جۆری هەیە لەوانە

(*Viscum album*) دمکانەی راستەقینە لەسەر قەزوان و زەیتون و سیو دەژیت

هەروەها جۆری (*Loranthus europeans*) لە کوردستاندا لەسەر دار مازوو بەروو زۆر بلاوە.

دمکانە رووکیکی گولداری مشەخۆری ناتەواوی هەمیشە سەوزە، لەسەرتاپای جیهاندا بلاوە و لەولاتە فینکەکاندا زۆر ترە،تووشی داری لیرەوارەکان (دارستانەکان) دەبیت.

**نیشانەکانی**

قەدی دمکانە زۆر بەئاشکرایی لە سەر لکی رووەکە تووشبووەکاندا دیارە، ئەو مشەخورە لکە تووشبووەکە بەگشتی لاواز دەکات و شوینە تووشبووەکە دەئاوسیت و وەك گۆ دەکەویتە بەرچاو، لکەکانی دمکانە بە چری و بەسەوزی دەبیندرین، لە سەروی شوینی تووشبونەکەوە لکی دارە تووشبووەکە وشك دەبیت.

بەگشتی دارەکە لاواز دەکات و لەوانەیە دوای چەند سالیك وشك ببیت. قەدی دارەکەش وادەشیوینیت کە بەکەلکی پیشەسازی نایەت.

## هۆکار

مشـەخۆرەکە، ڕووەکیکـی تەمـەن دریـژی هەمیشـە سـەوزە، ڕەنگـی زەردیکیکراوەیـە، یـا سـەوزیکی زەیتوونییـە، گـەلاکانی ئەسـتورو شـیوە هیلکەیین ڕەنگیان لە نیوان سەوزیکی کال تا کەسـکیکی تاریکـە لـە وانەشـە بی گەلا بیت، لەخالی بەیەك گەیشتنی لەگـەل خانەخویکـەی بـۆ سـەرەوە گەشـە دەکـات. ڕووەکیکـی تـاك توخمـە(أحـادی الجنـس)، مییەکـەی کۆمەلە(بەر)یکی ڕەنگ زەرد یا سپی یا ئەرخەوانی دەگریت.

تۆوی دمکانە بە مژادیکی لیچی(کەتیرەیی)داپۆشـراوە کـە یارمـەتی تۆوەکـە دەدات تـا بەلەشـی بالندانـەوە بلکیـت و لـە داریکـەوە بـۆ داریکـی دیکـە بگواستریتەوە یا بەقەدی خانەخویکەوە بلکین.

## سووری ژیانی

بە هۆی مژادە کەتیرەییەکەوە تۆوەکە بەلاق و دەنوکی بالندانـەوە دەلکیـت و بـۆ دارو بـۆ لکـی دیکـە دەگواسـتریتەوە. کەتۆوەکـە بـە تویکلـی دارەکانـەوە دەلکیت شین دەبیت و مەمیلەیەکی مژینـی سـەرەتایی لـە شیوەی گۆمـەلك دروست دەکات، ئەو گۆمەلکۆلەیە لەریگەی کونیلەی سەر تویکلی(تەلاشـی) دارەکە یا لەریگەی چرۆکانی سەر قەدی دارەکەوە دەچیتە نـاو تویکلەکـەوە، لەناو تویکلی دارەکە لکی لیدەبیتەوەو بلاو دەبیتەوە، هەندیك لـەم لکانـە بـۆ ناو دارەکە (بەرەوکامبیوم) گەشەدەکەن و لەناو شانەی دارکدا (کە سالانە لـە شیوەی بازنە زیاد دەکەن) ئەم لکانە بەردەوام لەگەلیا گەشەدەکەن.

که مشەخۆرەکە بەتەواوی خۆی دەچەسپێنی، بە درێژایی تەمەنی دارەکە دەژیت. قەدو گەلای دمکانە سەوزە پلاستیدی تیدایە، ئاوو توخمە خۆراکەکان لە خانەخوێیەکەیەوە دەمژێیت، بۆ گەشەکردنیشی پێویستی بە رووناکییەکی زۆر هەیە، چونکە لەناو دارستانە چرەکان لەسەر ترۆپکی دارە بەرزەکان دەژیت. دمکانە لە بەهاراندا گولی زەرد دەدات و لە پایزدا بەرەکەی پێدەگات و زەرد دەبیت و هەردانە(بەر)یك دەنکە تۆویەکی تیدایە،

## قەلاچۆکردن

خانەخوێیەکە یەك پی یاخود پتر لە ژێر شوینە تووشبووەکان(لە شوینی بەیەك گەیشتن) دەبردریت و دەسووتیندریت و شوینی برینەکەش بە ماددەیەکی پاك کەرەوە سواغ دەدریت.

تێبینی :ـ لە کوردستاندا بەری دمکانە بۆ چەند مەبەستیکی پزیشکی یا راوکردنی باڵندە بەکار دەهینریت.






## سەرچاوەکان :-


١- أمراض النباتات / د.اسماعيل علي ، د.حسين العروسي .

٢- أمراض النباتات / د.ميسر مجيد ، د.رقيب عاكف العاني وكمال سلمان جبر /جامعة بغداد /١٩٨٩ .

٣- أمراض النباتات / تشون تشارلز ووكر /ترجمةالدكتور محمود ماهر رجب وآخرون /مؤسسة طباعة الالوان المتحدة – القاهرة .

٤- امراض النباتات / د.جورج أجريوس / ترجمة د.محمود موسى ابو عرقوب / المكتبة الاكاديمية القاهرة ١٩٩٤.

٥- دەردە کشتوکالیەکان وبنەماکانی چارەسەر کردنیان / هەولیر /سالی ٢٠٠٠ / ریکخراوی فاو /لەژیر چاپدایە .

٦- الآفات الزراعية واسس مكافحتها / الجزء الثاني / اربيل / ١٩٩٩ / صدرالدين نورالدين .

٧- بژوین / گۆڤاری کشتوکال / ژمارە ٤ /سلیمانی ١٩٩٩ .

٨- أمراض البساتين والخضر ، د.سمير ميخائيل وآخرون ، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي / ١٩٨١ .

9- Diseases of Tobacco, Third Edition /1975 By Georg Blanchard Lucas / North Carolina state University .

چاپخانەی ژیان   هەولێر

اقليم كوردستان - العراق
وزارة الـــزراعـــة والـــري
المديرية العامة للخدمات الزراعية

# النباتات الزهرية المتطفلة

## الهالـوك - الحامـول - الـدبـق



**Parasitic Higher Plants**

**Prepared by Sadraddin Nuraddin & Jalal Hamaddamin**

كراس رقم ( ٦ )

أربيل - نيسان - ٢٠٠٠